# دوا هاوار بۆ پاراستنی کوردستان له ئاگری جه‌نگی عیراق و ئه‌مریکا-تورکیا

بۆ:

- سه‌رکردایه‌تی هه‌موو پارته کوردی و کوردستانیه‌کان
- ئه‌ندامانی په‌رله‌مانی کوردستان
- هه‌موو ئه‌وانه‌ی غه‌مخۆری کورد و کوردستانن

ئێمه نازانین داخۆ ئه‌م نووسینه به ڕێگای به‌رپرسه‌کانی میدیای حزبه‌کەتان به ده‌ستتان ده‌گات یا نا، ناشزانین ئێوه له‌ناو ئه‌م سه‌رقاڵی و هه‌راو کۆبوونه‌وانه، بایه‌خی پێده‌ده‌ن یا نا، به‌ڵام هیوادارین پێشی ده‌نگی تۆپ و هاواری زارۆك و دایك خۆشکه‌کانمان بگاته ده‌ستتان. ئێمه به پێویست و ئه‌رکی خۆمانی ده‌زانین، ڕوو له ئێوه بکه‌ین، وه‌ك که‌سانێك، به‌رپرسیاری مێژووی حوکمڕانی گه‌لێکتان له ئه‌ستۆ گرتووه، به ئومیدی ئه‌وه‌ین، کاره‌ساتێکی که‌متر، یه‌خه‌ی گه‌له‌که‌مان بگرێ.

هێژایان:

ڕاسته ئێوه ناتوانن ڕێگا به هێزی ئه‌مریکییه‌کان بگرن، به‌ڵام بۆ دوورخستنه‌وه‌ی ئاگری جه‌نگی ڕژێمی فاشیست و ئه‌مریکا–تورکیاو بۆ پاراستنی گیان ماڵی کوردستانیان، ده‌توانن و ده‌کرێ به شێوه‌یه‌کی ره‌سمی له لایه‌ن که‌سایه‌تی خۆتانه‌وه یا به ڕێگای ناردنی شاندێکی باڵای په‌رله‌مانه‌وه، بانگه‌وازی ئه‌و وه‌ڵاتانه بکه‌ن که ڕاسته‌وخۆ ده‌ستیان یان به‌رژه‌وه‌ندیان له کێشه‌ی جه‌نگه‌که‌وه نییه، بۆ نموونه (وه‌ڵاتی سوید، فینله‌ند، نه‌رویژ) . به ئومیدی ئه‌وه‌ی، وه‌ڵاتانی ناوبراو، هێزی خۆیان له ژێر ناوی (هێزی پاراستنی ئاشتی) بۆ کوردستان به‌رێ بخه‌ن. ره‌نگه ئه‌مه ڕێگایه‌ك بێ بۆ ئه‌وه‌ی نه درنده‌که‌ی به‌غدا و نه ده‌ستدرێژی تورکیا له‌پشت ئاڵای ئه‌مریکییه‌کانه‌وه، نه‌توانن کوردستان بکه‌ن به لایه‌نێك و گۆڕه‌پانی ئه‌و جه‌نگ و هه‌ڕه‌شه کاولکارییه‌ی به‌رێگاوه‌یه. ره‌نگه ئه‌مه فرسه‌تێك بێ له هه‌موو ئه‌گه‌ره‌کانی تر باشتر بێ.

له‌ترسی ئه‌وه‌ی هه‌ندێکتان نه‌ڵێن، کاتی ئه‌م هه‌نگاوه به‌سه‌ر چووه، ده‌ڵێین، هه‌ندێ جار فاکته‌ری کات، له هه‌موو فاکته‌ره‌کانی تر به‌زه‌برو به تواناتره، به‌ڵام هێشتا چه‌ند چرکه‌یه‌ك ماوه. چ ده‌مینێ بۆ که‌سێك ڕووبه‌ڕووی مه‌ترسی خنکاندنی هه‌بێ؟ هێشتا دره‌نگ نییه، ئه‌گه‌ر ئێوه‌ش ئومیدێك ده‌بینن، ئه‌م هه‌نگاوه بنێن!

ئێمه دڵنیاین له‌وه‌ی که کوردستانیانی جێنیشینی ئه‌و وه‌ڵاتانه‌ش، هه‌رچییه‌کیان له ده‌ست بێ بۆ سه‌رخستنی ئه‌م هه‌نگاوه، که‌مته‌رخه‌می ناکه‌ن و ده‌شتوانن به‌باشی ڕۆڵی خۆیان بۆ ئه‌نجامدانی ئه‌م ئه‌رکه بگێڕن.

له گه‌ڵ ڕێز و حورمه‌ت

٢٠٠٣/٣/١١

عومه‌ر فارس عه‌زیز کوردستان نێت، ناوه‌ندی هه‌ڵه‌بجه دژ به ئه‌نفال و جینوسایدی گه‌لی کورد، گۆڤاری هه‌نگاو، ڕۆژنامه‌ی ته‌عریب، ، کۆمیته‌ی پشتگیری له کوردستان، هیشام ئاکرییی، عه‌لی مه‌حمود، یاسین بانیخێلانی، سه‌لاح گه‌رمیانی، ئارام بۆگدی، دلێر محمود عه‌لی، ئارێز حه‌مید، هیوا جاف، که‌ریم غه‌فور، سالار سۆفی، سه‌لام عه‌بدوڵڵا

خوێنه‌ری هێژا: تکایه ئه‌گه‌ر هاوبیرمانی بۆ ئه‌م داوایه، ده‌نگت بخه پاڵ ده‌نگمان و کلیکی ئێره بکه تاکو ناوی خۆت بنووسی، سوپاستان ده‌که‌ین.